## بریاری (30 ) ساڵ زیندانی کردنی

## دکتۆر کەمال سەید قادر, میسداقیەتی دادگای هەولێر دەخاتە ژێر پرسیارەوە

### عومەر محەمەد

لەوەتای بەرێز دکتۆر کەمالی سەید قادر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستگیر کراوە, دەیان ووتارو رەخنەوقسەوباسی جیاوازی لەسەرکراوە, وەلێ پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لە چاوپێکەوتنێکی وەزیری مافی مرۆڤ ( د.محەمەد ئیحسان)هیچ رونکردنەوەیەکی لەسەر نەداوە! جگەلە پارتی‌یش نەوەزارەتی ناوخۆو بەرێوەبەرایەتی ئاسایشیش کە بەشێکی کێشەکە دەگەرێتەوە لای ئەوانو بەوپێەی ئەمان سەربەحکومەتن, کەدەبوو وەك رێزگرتن لەرۆشنبیرانیش بوایە پارتی یان حکومەتی هەولێر ئەمەیان بکردایە, بێگومان هەمووومان دەزانین کە دکتۆر کەمالی سەید قادر بەر لە دەستگیرکردنەکەی بە ( ووشە, بەلام دورلە سنوری نوسین) قسەی دەربارەی بەرێز بەرزانی کردووەوگوللەی نەتەقاندووە, من بەش بەحاڵی خۆم لایەنگری هیچ جۆرە بێرێزی کردنێك نیم لە نوسینداو بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان ئەو رەفتارە بەکارێکی باش نازانمو پەنجەی لایەنداری بۆ درێژ ناکەم, جا نوسینەکە دەربارەی هەرکەسێك بێت, دەسەلاتدارێکی سیاسی بێت یان هاولاتی‌یەکی ئاسایی, بەلام دواجار وێرای رەخنەم لەو زمانەی پێی ئاخاوتووە, نەك هەرلایەنگری ئازادی دکتۆر کەمال دەکەم, بەڵکو هیوادارم دادگای هەولێر بە شێوازێك مامەلە لەگەڵ تۆمەتبارانداا بکات, کە دیموکراسیەت بکاتە پرەنسیبوپێوەر, دادگا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ‌ویەکسانی لە مافی هاولاتیدا رەچاو بکات, بەشێوەیەك کە تۆمەتبار تەواوی مافی داکۆکی کردنی لە خۆی هەبێت,بەپێچەوانەی ئەو شێوازەی کەهیچ شەفافیەتیك لە لێکۆڵینەوەی دادگادا نیە لەبارەیەوە, بەلام ئەوەندەی بۆکێشەی دکتۆر کەمالو بریاری 30ساڵی حوکمەکەی دەگەرێتەوە(کەئەمیش هەر ئالۆزەوکەس نازانێت راستە یان هەر پروپاگەندەیە!!) ئەم بریارەی دادگا تا چەند لە گەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ دەگونجێ؟ تاچەند سەربەخۆییو عەدادلەتی دادگا پیشانی جەماوەر دەدات؟وتاچەندیش پەیامی تۆقاندن دەداتە رۆشنبیرانوهەرهاولاتیەکی دی؟ بەتایبەتی ئەمەلەکاتێکدایە کە دادگاکانی کوردستان بەگشتی لە بەرانبەرسەدان ئینسانی تاوانبار قروقەپیان هەلبژاردووە! کە ئەو تاوانبارانە! نەك هەر لە دژی خێزانێك بەڵکو لەدژی سەدان خێزانی ئەم ولاتە رەفتاری دزێوو تەنانەت خوێناویشیان نواندووەو هەندێکیشیان شکایەتیان لەلایەن کەس‌وکاری شەهیدانو قوربانیەکانەوە لەسەر تۆمارکراوە لەدادگاکانی کوردستان؟ کەچی دادگاکان هیچ هەلوێستێکیان لەمەر مافەکانی خەڵك نەکردوە؟! بەلام کاتێك تۆ دێیت چاو لەشکایەتی هاولاتیان دەپۆشیو تەنیاکەسێك کە چەکی دەستی قەڵەم بووەو لەدژی خێزانێکی کورد, بەکاری هێناوەوئەو خێزانەش لەبەرئەوەی لەپۆپەی دەسەلاتی سیاسیدایە 30ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنی, ئەو ساتەوەختە میسداقیەتی دادگا دەخەیتە ژێر پرسیارەوە, من پێموانیە کەسێك تەنها لەسەر جنێودان بریاری وا قورس بیگرێتەوە!! لە کاتێکدا خەڵکانێکی زۆریش هەن لە پەنای دڵسۆزییان بۆ خێزانی بەرێز بەرزانییەوە یان لەپەنای دڵسۆزی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانەوە, جنێوی زۆر قورستر بەو کەسانە دەدەن, کە بەشێوەیەك لە شێوەکان داکۆکییان لە دکتۆر کەمال کردووە, ئەی پارتی لەبەرانبەر ئەو کەسانەدا چی دەڵێت؟ بۆیە ناچارم لێرەوە وەك تاکێکی ئەم ولاتە بڵێم : ئەگەر جارێك رەخنە لە قسە رەقەکانی بەرێز دکتۆر کەمال بگرم, سێ جار رەخنە لە دادگای هەولێرو دەسەلاتی پارتی دیموکرات دەگرم, چونکە ئەو تایبەتمەندیە لەپیرۆزی بۆ خێزانی بەرێز سەرۆکی هەرێم, لە راستیدا بەکەم تەماشاکردنی سەرجەم خێزانانی تری خەڵکی کوردستانە, نمونەش بۆئەمە دەیان خێزانی کورد بەهۆی شەری ناوخۆی یەکێتیو پارتی نەك هەر جنێویان بەرکەوتووە, بەڵکو سووکایەتی گەورەیان بەرانبەر کراوەوئازاردراون, سەدان خێزانی کورد لەهێرشی ئەنفالەکاندا سراونەتەوەوکچوژنەکانیان بەرهەڵمەتی ئەتککردنو سوکایەتی پێکردن کەوتوونوبەشێکی زۆریش لەو" جەنگاوەرانەی" دوێنێ بەعس ئەمرۆ لە ریزەکانی حزبەکانی کوردستانوپارتی دیموکراتی کوردستاندانوخەڵك پێیان دەلێت ئەنفالچی, کەچی هەموو ئەمانە نەك نەدراون بەدادگا, بەڵکو دادگاش لەسۆنگەی حزبە دەسەلاتدارەکانەوە, مەجبورە بیانپارێزێ!